**Iranian Kurdistan –Komala Party**
**secretariat**

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

# بەرزو بەرێز بێت یادو بیرەوەری خەباتکاران و قوربانیانی خەرمانانی 1367

هاوینێکی دیکە لە کاتێك دا دێتەوە کە 17 ساڵ بەسەر مانگی گەلاوێژو خەرمانانی رەش و مەرگ ئاسای 1367 تێپەردەبێت. چاکترین و پێداگرترین و سەرسەختترین شۆڕشگێرانی سوسیالیست و کومونیست و خەباتکاران و قارەمانانی رێگای ئازادی لە شانۆیەکی لە پێش بۆ دارێژراو زۆر سادە و ساکار و بە شێوەیەکی بێ وێنە لە مێژوی زیندانەکانی ئێران دا لە سێدارە دران و بەم چەشنە لاپەرەیەك لە مێژوو هەڵدرایەوە .
دروشمی(**خمینی عزیزم بگو تا خون بریزم** )لە رێرەوی زیندانەکان دا و لە رۆژانی پێش بەرێوە چوونی کارەساتی هاوینی 67 لە لایەن زیندانەوانان و بەرێوە بەرانی خوێن و شمشێرەوە دەبیسرا.شەری ئێران و عێرا ق بە خواردنەوەی ژەهر لە لایەن کەسێکەوە کە ، بە هێمای ئیسلام و پەرەسەندنی دە هاتە ئەژمار و هەروەها لە لایەن لە شکرێکەوە کە دروشمیان لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەی شەر دا دەستبەسەرداگرتن و داگیر کردنی نەجەف و کەربەلا بوو ئێستە ئیتر سەرشۆرانە کۆتایی پێدەهات.بەم چەشنە داهاتووی رژیمێك کە یەك دەیە لە خوێن رشتن و دەستدرێژی بۆ سەر مافە سەرەتاییەکانی خەڵك و شەری بێ ئاکام بەسەری دا تێدەپەری بۆ دەسەڵاتدارانی رژیم لە تاریکی دا نوقم بوو و بە نارونی مایەوە .بە پێچەوانەی قسە پڕو پوچە باوەکانی پێش تەواو بوونی شەر ، داڵغەی سەری رێبەرانی رژیم ، دوای شەر هیچ کات چاکسازی و ئاوەدان کردنەوە نەبوو بەڵکو وەگەر خستنی توانستی خۆیان بۆ لە نێو بردنی ئاسەوارەکانی ئەم سەرشۆریە بوو.بە هۆی ئەوەی کە رێبەرانی رژیم ئەم شەرەیان دۆراندبوو ، زیندانەکانیان کردە مەیدانی بەربەرەکانێ لە گەڵ نەیاران و بەم چەشنە شەریان کێشایە نێو زیندانەکان، بەریەك لە شۆرشگێرترین کەسەکان کە ژیانێکی ئازاد و بوێرانەیان هەڵبژاردبوو ، ئەگەرچی لە زیندان دا بەسەریان دەبرد بەڵام رێگای خۆراگریان گرتبووە پێش. رێبەرانی رژیم کپ کردن و کۆتایی هێنان بەم بەرخۆدان و ئازایەتیە و خۆنەویستیەی کە لە لایەن زیندانیەکانەوە رەچاوکرابوو بۆ خۆیان وێنا دەکرد. پاستدرانێك کە دۆراندبوویان، دەستیان دایە هێرش بۆ سەر زیندانەکان و(شەر شەر تاسەرکەتنیان) بردە نێو دالانی زیندانەکان. بەڵام ئەوە تەنیا رژیمی ئیسلامی نەبوو کە دوای کۆتای هاتن بە شەر لە بیری دەستەبەر کردنی ئاسایش بۆ رژیمەکەیان دا بوون، بەڵکوو لەو پەری سنوورەکانی ئێرانەوە لەشکری سەدام بەفەرمانی، فەرماندەی لەشکری عێراق_ سەدام ودەسەڵاتدارانی هاوکاری لە، فاوو بەسرە لە باشووری ئەم وڵاتە بەرو کوردستانی عێراق راگوێزران. لە رۆژی 1988/8/8 واتە لە 17 گەلاوێژی 67 سەدام و جینایەتکارانی دەوروبەری دەستیان دایە درندانەترین پاڵاوتنی رەگەزی و میلی لە کوردستانی عێراق. چەند مانگ درێژەی نەکێشا کە فەرمانی تراژدیای ناسراو بە (ئەنفال) بەرێوە چوو و لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان کەوتنە بەر کوشت و بر و زیندە بەچاڵ و بێ سەرو شوێن کردن و هەزاران گوندیان سوتاند وماڵەکانیان تێك رماند.بزوتنەوەی میللی وئازادیخوازی خەڵکی کوردستان دەبوایە بۆ بەردەوام بونی دەسەڵاتی سەرەرۆیانەی بەعس سەرکوت بکرایە.گەلاوێژو خەرمانان کە بە هاوینی رەش و هاوینی مەرگ ناسراوبوو هەر لەم حاڵە شدا مانگی

سەربەرزانەترین بەرخۆدان و کۆڵنەدان و بەربەرەکانێی شۆرشگێرانی چەپ وسوسیالیست و تێکۆشەرانی بوێرو ئازای رێگای ئازادی و خەڵکی زەحمەتکێش و قارەمان بوو.
ئەم بەرخۆدانە بێ وێنەیە چۆك دادان بەمەرگ و هێمای بێ توانایی و بێ دەسەڵاتی دوژمن لە هاوینی 1367 دا بوو کە ئێستا گوڵزاری خاوەرانی کردوەتە ژوانگەی قارەمانان و خەباتگێرانی رێگای ئازادی. ئێستا 17 ساڵ لە هاوینی مەرگ وهاوینی بەرەیەکی سەربەرز وخۆراگرتێدەپەرێت. بۆ هەموو جیهان دەرکەوتووە کە ئەوە رژیمی ئیسلامیەکە خەریکە بەچۆك دادێت. ئەم رژیمەو دروشمەکانی، مۆعیزەی ئیمام جومعەکانی، گەڵاڵەکانی سەرکوت و، بارودۆخی نێو خۆیی و وناوچەیی و نێو نەتەوەیی هاوشێوەی هاونی 1367 نیە. ئەگەر چی دوای کۆتای هاتنی شەر و جینایەتی هاوینی 67 و هەرەشەکانی ئەودەم، رێبەرانی رژیم خولیای پتەو کردنی دەسەلاتی خۆیان بوون، بەڵام دوابەدوای کۆتایی هاتنی شەر، رژیمی ئسلامی نەیتوانی وەك جاران دەسەڵاتی خۆی درێژە پێ بدات. کۆمەڵگای ئێران پێی نابووە قۆناغێکی نوێوەو ئاڵوگۆرەکانی پێك هاتوو لە ناوچەو جیهان ئیزنی بەرێوە بردنی دەسەڵاتی بە شێوەی سەدەکانی ناوەراست بە رێبەرانی رژیم نەدەدا. قولایی کۆمەڵگای ئێران لە ئاڵوگۆرێگی گەورە نزیك دەبووەو و دوای یەك دەیەی پر سەرکوت خواستەکانی خەڵك بۆ جارێکی دیکە سەری هەڵدابووەو، هێزە کۆمەلایەتیەکان، کرێکاران، ژنان، رۆشنبیران، لاوان، بە گشتی جەماوەری ئێران کە رژیمی ئیسلامی لە هەوڵی قەتیس کردن و بەرتەسك کردنەوەی ئەوان دا بوو، بۆ جارێکی دیکە بە هێزو تواناییەکی لە شکان نەهاتوو ترەوە بە نیسبەت سەردەمی هاتنە سەرکاری رژیم هاتبونە مەیدان.
دروشمی سەرلە نوێساز کردنەوە و چاکسازی دوای شەر، ناوزەد کردنی رەفسەنجانی بە (سەرداری چاکسازی) توندبونەوەی شەری دەسەڵات لە نێوخۆ پاڵاوتنی نێو خۆیی و دەرکەوتنی ئیسلاحخوازانی دەوڵەتی وئاڵوگۆرەکانی پەیوەندی دار بەم مەسەلەوە وایان وێنا دەکرد کە گۆیا رژیم دەیەوێت ناتەباییەکانی خۆی لە گەڵ راستیەکانی کۆمەڵگادا بسرێتەوە. بەڵام لە لایەکی ترەوە راپەرینی شارەکان، بە جموجوڵ کەوتنی بزوتنەوە کرێکاریەکان، پەرەسەندنی خواست و داخوازیەکان لە لایەن ژنان، لاوان، رۆشنبیران، گرفتگەلێکی تازەی بۆ رژیم پێك هێنابوو.
لە ئاکام دا بۆ هەموان دەر کەوت کە بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی خەڵکی ئێران لە سەردەمی هەشت ساڵەی سەرۆك کۆماری خاتەمی خەونی ئیسلاحی نێو خۆییان وەلا ناو هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نیژاد مۆرکی تەئیدی لەم
راستیە دا کە ئەم رژیمە لە نێو خۆوە ئیسلاح نابێت.
هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نیژاد و پێکهاتەی دەوڵەتی ناوبراو لە ئەشکەنجەگەران وکەسانی ئیتیلاعاتی و توندرەو کە باوەری قوڵیان بە دروشمە سەرەتاییەکانی ئینقلابی ئیسلامی هەیە باشترین بەڵگەو دان پێ دانانە بە شکستی گەڵاڵەی ئیسلاحاتی نێو خۆیی.کابینەی ئەحمەدی نیژاد چەکێکی تازەیە بە دژی بزوتنەوەی کرێکاران و بزوتنەوەی جەماوەری و بزوتنەوەی ژنان و لاوان و رۆشنبیران . ئەم چەکە تازە، بەڵام پوکاوە دەیەوێت کۆماری ئیسلامی لە کرِی و بێ دەنگی و ئەو کەوتنە پەراوێزەی کە لە ناوچەکەو لە جیهان بە گشتی توشی هاتووە بپەرێنێتەوە و بە پێداگرتن لە دەست پێراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بەردەوام دەستە بداتە سەرکوتی نەیارانی نێوخۆیی و هەروەهاپێشێل کردنی مافی مرۆڤ و تیرۆرو توندو تیژی.
دیاری ئەحمەدی نیژاد لە ساڵوەگەری کوشت وبرو قەڵاچۆکردنی زیندانیەکانی 67 بۆ دایکان و باوکانێکە دوای تێپەر بوونی 17 ساڵ بە سەر ئەم جینایەتە، تەنیا ئەم شوینەیان بۆبە جێ مابوو، تێك دانی "خاوەران" و بەناو لە

نێو بردنی ئاسەوارەکانی ئەم شوینەیە. لە ماوەی حەوتووەکانی رابردوودا دەسەڵاتدارانی رژیم دەیانویست و دەیانەویت کە خاوەران وەك شوینێکی لە بیرنەکراوە لەسەراسەری جیهان لە نێو بەرن. بێ گومان پشتگری و خۆراگرتن لە بەرانبەر ئەم پیلانەدا بەشێك لە خەبات و تێکۆشان لە ڕێگای دەستەبەر کردنی ئازادیە.

ئیستا لە ساڵوەگەری خۆراگری بوێرانەی کۆمەڵێك لە زینیدانیانی ئێران، ئەو قارەمانانەی کە بە دەم سروودەوە بەرەو پیری مەرگ چون و مەرگ و گەلاڵە و پیلان داریژەرانیان وەك یەك لە لا بێ مانا بوو، بە یادی هەموو ئەو ئازیزانە سەری تەعزیم و کرنۆش دادەنەوێنین. ڕێبوارانی ڕێگەیان دەمێنینەوە. بێ گومان لە بەرەبەیانی سەرکەوتنی بزوتنەوەی جەماوەری و ئازادیخوازی ئێران یادی ئازیزیان دەمێنێتەوەو لە مارشی گەورەی سەرکەوتنی خۆراگری هاوینی 67 دەبێتە سروودی ملیۆنها ئینسان . بێ گومان خاوەران دەبێتە ژوانگەی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و وەك هێمای خۆراگری و قارەمانیەتی سەرنجی هەزاران پارێزەری ئازادی لە سەراسەری جیهان بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

بەرزو پیرۆز بێت یادو بیرەوەریان

مردن و سەر شۆری هەتاهەتایی بۆ پیلانگێران و گەلاڵەدارێژەرانی کوشتاری 67

سڵاوله بنه ماڵەی خۆراگر و ئازادیخوازی زیندانیەکانی 67

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

9ی خەرمانانی 1384 بەرابەر لە گەڵ 31 ئاگۆستی 2005ی زایینی


www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3150289**
Tel: **(0044704)3160752**
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**